رێبەر ئەحمەد: رووبەروبوونەوەی ئەم لێگە توندوتیژی کۆتایی نایەت



ئەمە هەمەتی 16 رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان کۆتایی هات و وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، رووبەروبوونەوەی ئەوان لێگە توندوتیژی دژی ئافرەتان و تاکەکانی کەمێگە کۆتایی نایەت، بەردەوام دەبن لە ریشکێش کردنی ئەو کەسپ و بەربەستانەی لە پشت هەزری توندوتیژیەوەن.

رێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە رێوڕەسمی دوایین رۆژی هەمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان، وتی: "ئێستا هەوڵ و کۆششی هەمووان بۆ ریشکێش کردن و کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ئافرەتان و کچان لێجاران زیاتر و دڵڕانتر دەردەکەوێت، 16 رۆژی ڕابردوو وێبیرهێنانەوەیەکی کاریگەر و گرنگ بوو، کە بەرپرسیارێتی هاوبەشمان تێنیا هەنگاوی تیژی و قسەکردن نەبێت، بەڵکو هەستیاری قووناغە وادەخوازێت کە هەنگاوی کردەیی و ڕاستەقینە بهاوێژین، بۆ ئەوەی نەوایەکی ئارام و ژینگەیەکی وادڕست بکەین کە تێیدا ئافرەت بە ئازادی و بە ترس و دڵەڕاوکێ بژیت و دووربێت لە هەموو جۆرە توندوتیژیەک".

وتیشی: "لە ماوەی ئەو چەند رۆژی کەمپینەکەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە کاریگەریی و کاردانەوەی تووندتوتیژی لەسەر بنەمای رەگەز و جەرەکانی تووندوتیژی دژی ئافرەتان هیچ سنووریک نازانێت، تەمەن، نەتەوە، ئاین و ئاینزا، باری کۆمەڵایەتی و دۆخی ئابووری و تەنانەت سنووری جوگرافیشی تێپەڕاندووە، بەڵکە مەترسیەکی کۆڕانە ڕووبەڕووی ملیۆنان ئافرەت دەبێتەوە و شکڵی مرۆیانەی ئافرەتان و سڵامەتی و مافەکانیان پشێل دەکات لە سەرتاسەری جیهان، سەرەڕای ئەوەش، هەمەتی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ئافرەتان، تیشکی خستەسەر گرنگی کەدەنگی هاوبەش و هاوسۆزی هەمووان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تووندوتیژی، ئەو ڕاستیەشی سەلماند کە هەشیاری کۆمەڵایەتی هەنگاو بە هەنگاو بەرز دەبێتەوە و بەرەو پێشەوە دەچێت، بۆڕانە دژی ئەو پێتایە دەوستێتەوە کە ژیانی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسیەوە، لەڵایەکی دیکەشەوە ئەم هەوڵە هاوبەشانە دەبنە مایەی گیانکاریی و پێشڤچوونی کۆمەڵگە لە سەرجەم بوارەکاندا".

وەزیری ناوخۆ، وتی: "لەکاتێکدا کە هەمەتی 16 ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی دژی ئافرەتان کۆتایی پێدێت، بەڵام بگومان ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم لێگە تووندوتیژی بەردەوام و کۆتایی نایەت، بەڵکو دەگەینە قەناغی هەمیشەییمان بۆ نەهێشتن و ڕیشەکێش کردنی ئەو کێسپ و بەربەستانەی لەپشت هەزری تووندوتیژیەوەن، وە ڕووبەڕووی هەر نەریت و بیروبۆچوون و دیاردەیەک دەبینەوە کە ببێتە مایەی تووندوتیژی".

ڕاشیگەیاند: "جێی خۆیەتی ڕەشنایی بخەینە سەر ڕەگی گرنگی بەهاوکردنەوەی هەشیاری لە بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ئافرەتان و خەزان، ئامارەکان جێی سەرنجن، ژمارەیەکی بە شووماری ئافرەتان ڕۆژانە لە جیهان ڕووبەڕووی زیانی جەستەیی و دەروونی دەبنەوە، لە بەرامبەر ئەوشدا دەکرێت بەهاوکردنەوەی هەشیاریی و ڕەشنبیری لەناو کۆمەڵگەدا ئەو چەکە بەهێزە بێت لە دژی ئەم تاریکییە بەکاربێت، بە هەشیارکردنەوەی خەڵک نەک هەر ڕەگری لە بەهابوونەوەی تووندوتیژی دەکرێت، بەڵکو بەربەستی ئەو بەدەنگییە دەشکێندرێت کە زۆرجار قوربانیان بەدەستییەوە دەناڵێنن، هەشیاری هاندەرێکی سەرەکییە بۆ گیانکاری ئەرێنی و دەبێتە هەکاری زاڵبوونی هاوسۆزی و تێگەیشتن بەسەر دابونەریتە نەشیاوەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بە ئافرەت".

ڕێبەر ئەحمەد، ئەوشی خستەوو: "هەشیاری لەناو خەزان و قوتابخانەکان دەستپێدەکات، پەروەردەکردنی تاک و کۆمەڵگە و گەنجەکان لەسەر بیروباوەڕی یەکتر قبوڵکردن بناغەی کۆمەڵگەی تەندروستە، پەروەردەی ڕاست هەز دەبەخشێت بە تاک و کۆمەڵگە، کاتێک لە هەکاری سەرەکی و دەرەنجامەکانی تووندوتیژی دژی ئافرەتان تێگەیشتین دەبینە داکۆکیکار و بونیاتنەری یەکسان و ئارام، هەروەها مامۆستایانی ئاینی

ڕووکی چاڕنووسساز دەگمەن لە بەاوکردنەوە و هزری میانەو، هەروەها ڕەتکردنەوەی هەموو تووندوتیژییەک، پێویستە نەوەکانی داهاتوومان پەروەردە بکەین و ڕابهێنین کە ڕز لە جیاوازییەکان بگرن و بەوایان بە یەکسانی و دادپەروەری هەبێت، لە لایەکی دیکە سۆشیال میدیا ئامرازکی سوود بەخشە بە هاندانی قوربانیان و دەنگە کپکراوەکان، کە خەیان لەو پلاتفۆمانە ببین و بەسەرهاتکانی خەیان بکەن بە پەند، بە ئەوەی چیتر کەسانی دیکە نەکرێن بە قوربانی".

وەزیری ناوخۆ، دەشڵێت: "هۆشیاری بە تەنیا بەس نییە، بەڵکو دەبە گوفتارکانمان بکەینە کردارکی بەرجەستە ئەمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو کاتێک داکۆکیکارکی سەرسەختی قوربانیان بووینە و بە تووندیش ڕووبەڕووی تاوانبارکان بووینەتەوە، لەو پێناوەش چەندین قوربانیمان داوە لە پێناک ئەفسەر و کارمەندانی ئاسایشی ناوخۆ کە شەهید و بریندار و پەککەوتە بوونە".

ڕێبەر ئەحمەد، وتیشی: "دەبە هاوکاری پێویست و پێنایکی ئارام بە ئافرەتانی ڕوزگاربووی هزری تووندوتیژی بەخسنین، وە پاڵپشتی ئەو سیاسەت و ستراتیژییانە بکەین کە ئافرەتان لە هەر جۆرە هەڕەشە و تووندوتیژییەک دەپارێزن، هاوکات حکومەتی هەرێم پشتیگیری و پاڵپشتی خۆی دووپات دەکاتەوە بە ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانەی کە ماندونەناسانە کاردەکەن لەپێناو خۆشگوزەرانی ئافرەتان".

جەختیکردەوە: "پێویستە کردارکان لە وتارکان زیاتر بن، پێویستە ئەو مەشخەڵەی لە 16 ڕۆژی ڕابردوو هەڵکراوە گڕش بەت و ڕۆگای داهاتووی پێ ڕۆشن بکەینەوە، بەڕەو جیهانێک هەنگاو بنێین کە ئافرەتان و هەموو تاکەکانی کەمەگە دووربن لە تووندوتیژی".